# ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا

**بارزان علی پیرۆت** **زانکۆی ڕاپەڕین - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - بەشی کوردی**
**ئیمەیڵ:** Barzan.pirot@uor.edu.krd

**هێمن جاسم محمد** **زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - پەیمانگای تەکنیکی پزیشکی هەولێر - بەشی شیکاریی نەخۆشییەکان**
**ئیمەیڵ:** hemin.mohammed@epu.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا)یە. لە زمانی فارسیدا وشەی (سبک) بەرامبەر وشەی (Style)ی ئینگلیزی و (شێواز)ی کوردی بەکار دەهێندرێت. ئەدەبی فارسی لە ڕووی شێوازناسییەوە بەسەر (سەبکی خۆراسانی، سەبکی عێراقی و سەبکی هیندی) دابەشدەکرێت. هەرچی شێوازە بریتییە لەو تایبەتمەندییە (زمانی، هزری، ئەدەبی)یەی، کە لە ماوە و سەردەمێکی دیاریکراودا باو دەبێت و شاعیران پەیڕەوی دەکەن. لەبەرئەوەی ئەدەبی فارسی کاریگەری زۆری لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی هەبووە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی (زمانی، هزری و ئەدەبی)یەکانی، سەبکی عێراقی لە ناو شیعرەکانی حەریقدا ڕوون بکرێتەوە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەسەر دوو تەوەر دابەشکراوە، تەوەری یەکەم بریتییە لە (چەمکی شێواز، پێناسەی شێواز، هۆکارەکانی دروستبوونی سەبکی عێراقی)، و تەوەری دووەم بریتییە لە (تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە ڕووی (زمانی، هزری و ئەدەبی)یەوە. هەروەها بەشی دووەم بریتییە لە پراکتیککردنی شیعرەکانی حەریق و خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی بە نموونەی شیعرییەوە.

**وشە کلیلییەکان:** سەبکی عێراقی، تایبەتمەندییەکانی زمانی، تایبەتمەندییەکانی هزری، تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی، شیعری حەریق.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## پێشەكی:

ئەگەر لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەک ورد ببینەوە مێژووەكەی بە چەند قۆناغێكی هەڵبەز و دابەزدا ڕۆیشتووە و لەسەر یەک ئاواز و ڕێچكە بەردەوامی نەبووە، بەجۆرێک لە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبەوە هەر سەردەم و قۆناغ و ماوەیەک گۆڕانێک یان سەرهەڵدان و دروست بوونی ڕێچكە و ڕێبازێكی نوێ گرەوتینی بە ئەدەبەكەی داوە، دیارترین و سەرنجراكێشترین قۆناغی مێژووی ئەدەبی كوردی، قۆناغی ساڵەكانی سەدەی نۆزدەیەمە، ئەویش بەسەرهەڵدانی بزووتنەوەیەكی نوێ لە ئەدەبی كۆنی كوردیدا، كە بە قوتابخانەی بابان ناسرابوو و لە نالییەوە تا مەحوی و حەریق و وەفایی و صافی...هتد، درێژ دەبێتەوە و دواتریش عەبدوڵا گۆران و وەرچەرخانی ئەدەب لە سەردەمی گۆراندا، كە بە هەموویەوە بەم دواییانە بە قوتابخانەی شیعریی كرمانجی ناوەڕاست ناسراوە.

لێكۆڵینەوە و قسەكردنیش لە كرۆكی ئەم قۆناغە جیاجیایانەی ئەدەبی، لێكۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شێواز و شێوازگەری، گومان لەوەشدانییە كە وازهێنان لە پێڕەوی ڕێباز و سەردەمێک و خۆ خەریككردن بە كاژ داماڵین لەژێر ئەدەب و قۆناغی ئەدەبی تردایە. ڕوونكردنەوە و ناسینی ئەم كارتێكردنە لەژێر ئەدەبێكی تر ئیشی شێوازە و وادەكات سیما لێک جیاكەرەوەكانی ئەو قۆناغ لە ئەویتر جیابكاتەوە و مەوداكەی دیاری بكات. ئەم جۆرەی لێكۆڵینەوەیەش لای خۆمان بە ساردی و پچڕ پچڕ شرۆڤە كراوە و وردەكارییەكانی زۆر ڕوون نین. لاكردنەوە لەم بابەتە بایەخ و سەنگی تایبەت بەخۆی هەیە.

**میتۆدی لێكۆڵینەوەكە**، لەبەرئەوەی بەشی یەكەم ناساندنی سەبكی عێراقییە بەشێوەیەكی تیۆری و بەشی دووەم تەرخانكراوە بۆ وردبوونەوە لە سیما تایبەتییەكانی سەبكی عێراقی لە شیعرەكانی حەریق دا و نموونەی شیعری و پراكتیككردنی شیعرەكانی، وای كردووە كە سروشتی لێكۆڵینەوەكە (وەسفی- شیكاری) بێت.

**گرفتی لێكۆڵینەوەكە**، ئەو تێكەڵییە بوو، كە لەنێوان غەزەل و قەسیدەكاندا لە دیوانی بەردەستدا هەبووە، كە لێكۆڵەری دیوانی حەریق (سەید نەجمەدینی ئەنیسی)، (پێنج غەزەل)ی بە قسیدە ئەژماركردووە، ئەمەش بۆ ئەم جۆرەی لێكۆڵینەوەیە گرفتی جەوهەری دروست كردبوو، چونكە ژمارەی غەزەل و قەسیدە لە زۆر جێگەدا پێوەری لێک جیاكەرەوەی سەبكی (عێراقی و خۆراسانی)یە.

**ناوەرۆكی لێكۆڵینەوەكە**، لە دوو بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم دابەشی سەر دوو تەوەر كراوە، تەوەری یەكەم بریتییە لە: (چەمكی شێواز، پێناسەی شێواز، هۆكارەكانی دروستبوونی سەبكی عێراقی). تەوەری دووەم، تایبەتمەندییەكانی سەبكی عێراقی بەپێی بنەمای شێوازناسیی سیروس شەمیسا، لە ڕووی (زمانی، هزری و ئەدەبی)یە. هەروەها بەشی دووەم بریتییە لە پراكتیككردنی شیعرەكانی حەریق و خستنەڕووی تایبەتمەندییەكانی سەبكی عێراقی بە نموونەی شیعرییەوە.

**ئەنجامەكانیش** لە چەند خاڵێكدا لە كۆتاییدا خراونەتە ڕوو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## 1ـ بەشی یەکەم: ناساندنی سەبکی عێراقی

### 1ـ1 تەوەری یەکەم:

### 1ـ1ـ1 چەمکی شێواز

وشەی Style زاراوەیەکی کۆنە و لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیرە ئەدەبییەکەنەوە سەریهەڵداوە ((لە وشەی Stylus ی گریکی لاتینییەوە هاتووە، هەرچی ستیلۆسە لە زمانی یۆنانیدا بە ئالەتێک دەوترا یان تیغێکی مەعدەنی یان دارێک یان پارچە عاجێک کە لە کۆندا وەک شێوەی قەڵەم دروست دەکرا و لەسەر پارچە مۆمێکی پانکراوە نووسین و وێنەیان پێ دەکێشا)) (عومەر کاکی، ٢٠٠٨: ١٣). یانیش وشەکە بە مانای ((قەڵەمی ئاسن هاتووە، کە لاتینییەکان وەکو خوازەیەک بۆ مانای هەڵکۆڵین یان شێوەی نووسین بەکاریان هێناوە. بە تێپەڕبوونی کات زاراوەکە مانای ڕەوانبێژی و شێوازگەریی وەرگرت. تا وایلێهات بەو ڕێگە تایبەتییە دەوترا کە نووسەر بۆ دەربڕین بەکاریدەهێنا)) (علی سابیر، ٢٠٠٩: ١٣). هەروەها وشەکە بە واتای پەڕ یان قەڵەم هاتووە و دوایی لە هونەری بیناسازی و هەڵکۆڵینی پەیکەردا بەکارهێنراوە. پاشان چووەتە نێو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە. دوای ئەمە (بالی)[1]ی فەرەنسی وەکو ڕێبازێکی سەربەخۆ، کە بریتییە لە شێواز و شێوازگەری ناوی برد. پاشان بە تێڕوانینی جیاجیا لە جیهانی ڕۆژئاوادا پەرەی سەند (علی سابیر، ٢٠٠٩: ١٣ـ١٤). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە وشەی Style سەرەتا بەچەند مانایەک بەکارهاتووە، دواتر وشەکە بە زانست کرا و بۆ بواری ئەدەبی یاخود شێوازی ئەدەبی زەق کرایەوە.

ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا (اسلوب)ی پێ دەگوترێ و لە زمانی فارسیشدا (سبک)ی بۆ دانراوە. لە زمانی کوردیدا و لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی هەژار موکریانیدا بە واتای (شکل، تەرح، ڕاهاتن، هیئت، قیافە) هاتووە (موکریانی، ١٣٢٩: ٥٠٢). هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا بەرامبەر وشەی (Style) (شێواز، ئەدگاریکی جیاواز، ڕوخساری گشتی، جل و بەرگی مۆدیل) (ناوخۆش، ٢٠٠٣: ٣٣٣)ی بۆ دانراوە. کەواتە لەمەڕ چەمکی شێوازدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە بواری ئەدەبیدا ڕێگە و ڕێبازێکە نووسەر بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بۆچوونەکانی و جیاکردنەوەی نووسەرێک لە نووسەرێکی تر بەکاری دەهێنێت.

### 2ـ1ـ1 پێناسەی شێواز:

سەبارەت بە پێناسەکردنی شێواز زۆر ڕا و بۆچوونی لێک جیا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شێواز ڕێگە و ئامرازێکە پەیوەستدارە بە نووسەرەوە و لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر شێواز دەگۆڕێ. یانیش بەهۆی زۆری لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسینی شێوازەوە کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆر بۆ شێواز کراون. لەلایەکی ترەوە پێناسەکان هەریەکە و لە ڕوانگەیەکەوە لە شێواز دواون. لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لە پێناسەکان بخەینە ڕوو.

(بیفۆن)[2] دەڵێ: "شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد خۆی، ناکرێت نەمێنێت، هەروەها ناگوازرێتەوە و ناشگۆردرێت" (جرجانی، ١٩٧٨: ٣٦١). بەپێی تێڕوانینی بیفۆن شێواز زۆر نزیکە لە خودی نووسەر و هەموو نووسەرێکیش شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر خۆی خاوەنێتی و لێی جیانابێتەوە.

(عبدولقاهری جرجانی) لەمەڕ پێناسەکردنی شێوازدا دەڵێ: "شێوەی نووسین، یان شێوەی داڕشتنە، یا شێوەی هەڵبژاردنی وشە و ڕێکخستنی وشەیە بۆ دەربڕینی مانا و مەبەستی ڕوونکردنەوە و کارتێکردن یاخود جۆرە

[1] Charles Bally (1865–1947).

[2] Georges Bufoon (1707–1788).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕێکخستنێکی هۆنراوە و ڕێگەی دانانیەتی" (شێخ صالح، ١٩٢٦: ٢٣). هەروەک لە پێناسەکەدا دیارە شێواز تایبەتییەتی شێوەی نووسینی نووسەرێک لە نووسەرێکی تر وێنا دەکات، بەو مانایەی چۆنییەتی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی کەرەستە زمانییەکانی نووسەرێک هەڵگری تایبەتمەندی شێوازی خودی نووسەر، یاخود دەنگی نووسەرە.

لەنێو ئەدەبی کوردیدا هەوڵەکەی (شێخ نوری شێخ سالح) بە یەکەم هەوڵی شێوازناسی دادەنرێ و سەبارەت بە پێناسەی شێوازی ئەدەبی دەڵێ: "اسلوب بەو تەرزی مەخسوسی بەیانە دەڵێن کە هەر خەتیبێک یاخود هەر موحەڕرێک ئەوەی لە دەماغیایەتی، ئیفادەی دەکات، هەموو خەتیبێک مالیکی تەرزێکی مەخسوسی بەیانە" (گەردی، ١٩٧٩: ٩). هەروەک دەبینین پێناسەکەی شێخ نوری شێواز بە نووسەرەوە دەبەستێتەوە و لە ڕوانگەی نووسەرەوە دەڕوانێتە شێواز. هەروەها (عەزیز گەردی) بەم جۆرە پێناسەی شێواز دەکات: ((شێوازی نووسین بریتییە لەو ڕێ و شوێن و ڕەنگ و ڕوخسارەی کە نووسەر لە نووسینیدا هەیەتی. ئەویش جۆری بیرکردنەوە و هەست و سۆز و گوداز و وشەبازی و داڕشتنێکی وشە و هەرشتێکی دی دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە نووسەر و نووسینەکەیەوە هەبێ)) (عەبدوڵا، ٢٠١٢: ١٢). بەشێوەیەکی گشتی پێناسەکەی عەزیز گەردی دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە چۆنییەتی نووسینی کۆی ئەو دەقانەی کە نووسەر بەرهەمی دەهێنێ شێوازی نووسەر دەخاتە ڕوو. کەواتە عەزیز گەردیش نووسەر دەکاتە سەنتەر بۆ تێڕوانین لە شێواز.

(حەمەنوری عومەر کاکی) لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا) دەڵێ: "شێواز بریتییە لە ڕێگایەکی تایبەت کە نووسەر یا شاعیر بەهۆیەوە لە داڕشتنێکی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە، بیرەکانی پێ دەردەبڕێت" (عومەر کاکی، ٢٠٠٨: ٢٦). لێرەدا ئاوڕ لە ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی شێواز دراوەتەوە. سەبارەت بە گەیشتن بە پێناسەیەکی تەواو دەگەینە ئەو ڕاستییەی شێواز لە شیکردنەوە یان لە پێناسەیەکی کامڵدا نابینرێ، چونکە شێواز دەنگی نووسەر خۆیەتی، هێندەی لێ نزیکە دەکرێ بگوترێ: شێواز خودی نووسەرە. هەندێ جاریش شێواز وەچەی سەردەمە، ئەو سەردەمەی کە نووسەر تێیدا دەنووسێ، چونکە شێواز بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشە و زاراوەیە لەلایەن نووسەرەوە کە تایبەت بەو قۆناغ و سەردەمەیە کە نووسەر تێیدا دەژی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## 3-1-1 هۆكارەكانی دروستبوونی سەبكی عێراقی:

پاش كۆتایی هاتنی دەسەڵاتی غەزنەوییەكان و بە دەسەڵات گەیشتنی سەلجووقییەكان، كە بە پێچەوانەی غەزنەوییەكان بێگانە بوون، لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی فارسی، بازارگەرمیی شاعیران و ئەدەبدۆستان بەرەو كزی دەڕۆیشت و ئیتر ((كۆشكی مەحموودی غەزنەوی نەمابوو كە خوانی ئەدەب پەروەری و شاعیردۆستی هەمیشە ڕازاوەبووە بۆیە لە سەردەمی سەلجووقییەكاندا شاعیران و نووسەرانیش بە ناچاری لە خۆراسان دووركەوتنەوە)) (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ١٥).

لەنێوان قۆناغی لەناوچوونی دەسەڵاتی غەزنەوییەكان و هاتنە سەركاری سەلجوقییەكان و پاشان هێرشی كاولكاریی مەغۆلەكان (لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی كۆچی هەتاوی) بۆ سەر شاری خۆراسان ((بەهۆی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتی ئێراندا، سەبكی خۆراسانی گۆڕانی بنەرەتی بەسەردا هات و وردە وردە بارودۆخی نوێ ڕێگەی خۆش دەكرد بۆ لەدایک بوونی شێوازێكی نوێ لە ئەدەبی فارسیدا)) (جەلیل خەلیل، ٢٠١١:)، كە دواتر بە سەبكی عێراقی بەناوبانگ دەبێت. ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەوەی كە سەبكی خۆراسانی دەروازەكانی بە ڕووی گۆڕاندا كرایەوە و سەبكی عێراقی باڵی كێشا بەسەر شیعر و ئەدەبی فارسیدا. ئەگەرچی ((خۆراسان مەڵبەندی شارستانییەت و هزر و ئەدەب و مایەی شانازی ئێران بوو و لەم ڕوانگەیەوە هۆكارێک بوو بۆ كۆبوونەوەی ڕووناكبیران و ئەدیبان و خەڵكانێكی زۆر بە مەبەستی خوێندن ڕوویان لە خوێندنگاكانی ئەو شارە دەكرد، لەگەڵ هێرشی مەغۆلەكاندا ئەم ناوبانگ و شان و شكۆیە تێک شكا و شار بوو بە وێرانە و خەڵكانێكی زۆر كوژران و ڕووناكبیران و ئەدیبانیش ملی ڕێگەی ئاوارەییان گرتەبەر و هەڵاتن)) (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٧٩)، لە دەرئەنجامی هەڵوێستی دژە ڕۆشنبیری و زانستی مەغۆلەكان و ئەو كوشتارە بە كۆمەڵەی دروستیان كرد زۆربەیان ڕوویان لە وڵاتی عێراق كرد. دەتوانین لە ئەدەبی فارسیدا هۆكارەكانی گۆڕانی سەبكی خۆراسانی بۆ سەبكی عێراقی بریتین لە: (شمیسا، ١٣٨٣: ٨٧)

- تێكەڵبوونی خەڵكی خۆراسان و عێراقی عەجەم.
- سۆفیگەری باودەبێت و سۆفییەكان چالاكییەكانیان دەنوێنن.
- دامەزراندنی قوتابخانەی ئایینی و بڵاوبوونەوەی زانستە ئیسلامییەكان.
- بایەخدانی سەلجووقییەكان بە شیعر و شاعیران و باوبوونی قالبی غەزەل لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە.
- لەناوچوونی بزوتنەوەی شعووبییە، كە دژی زاڵبوون و گەورەكردنی عەرەب بەسەر غەیری عەرەب بوون.

هۆی ناودێر كردنی ئەم سەبكە بە (سەبكی عێراقی) بۆ گواستنەوەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە خۆراسانەوە بۆ عێراق دەگەڕێتەوە. پاش كۆبوونەوەی شاعیرانی فارس لە عێراق و دەست پێ كردن و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەكانیان لە ژێر كاریگەری هەلومەرجی تازە، ڕێڕەوێكی نوێ سەری هەڵدا و پاشان شاعیرانی دوای ئەوان كەوتنە ژێر كاریگەریی ئەو سەبكە نوێیەی كە دروست ببوو، ئەویش سەبكی عێراقییە و دواتر بنەماكانی بوونی خۆی پتەوكرد.

لەو بەشەدا هەوڵ دەدەین باس لەو بەدواداهاتانە بكەین كە دوای هێرشە كاولكارییەكەی مەغۆلەكان لەنێو بیری خۆراسانییەكان دروستیان كردبوو: (شمیسا، ١٣٨٣: ٥٧-٥٨)

١. بەهۆی ئەو شكستەی بەسەر ئێرانییەكان هاتبوو بیری خۆبەدەستەوەدان و باوەڕهێنان بە قەزاوقەدەر و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕووکردنە دونیای مەعنەوی و عیرفانی هاتە ئاراوە و ئەو تایبەتمەندییانە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی دادەنرێ.

٢. بەهۆی ئەو پاشاگەردانییەی کە بە هاتنی مەغۆلەکان دروست ببوو کار لە چارەسەرکردنی دەرچوو بوو. بە بێ بایەخی تەماشای ژیان و خۆشگوزەرانی دەکرا، ئەمەش بووە هۆی خێرا بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ڕێبازی سۆفیگەری، هەر لەبەرئەمەشە ئەدەبیاتی سەبکی عێراقی جۆرێک لە خەفەت و نائومێدبوون لە دونیای پێوە دیارە.

٣. ئەو هەلومەرجە نوێیەی دروست ببوو، بووە هۆی خۆبەدوورگرتن لە دنیای عەقڵ و لۆژیک و ڕووکردنە دنیای خەیاڵ و ئەفسانە و بیرکردنەوەی ناڕاستەقینە.

٤. لە سەبکی خۆراسانیدا قالبی قەسیدە برەوی هەبوو، کە فەزای مەدح و پیاهەڵدان و وەسف لەباربوو، بۆیە برەو بە قەسیدە دەدرا، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا شاعیران ڕوویان لە قالبی غەزەل کرد و ئەو دیاردەیە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی دادەنرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازبوونی بازاڕی پیاهەڵدان و وەسفکردن و ڕووکردنە دنیای عەشق و خۆشەویستی و شیعر گوتن بۆ مەعشوق.

کەواتە لەدوای سەدەی شەشەمی کۆچی سەبکی خۆراسانی هێشتا لەنێو شاعیراندا باو بوو و هێدی هێدی لەدوای هێرشی مەغۆلەکان بۆ خۆراسان و کۆچ کردنی شاعیران بۆ عێراق سەبکی خۆراسانی بەرەو گۆڕان دەڕۆیشت. لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە سەبکی عیراقی وەکو شێوازێکی نوێی ئەدەبی ناسرا و هاتنە ئارای سەبکی عێراقی لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەسەڵاتداری ئێران بوو. سەبکی عێراقیش لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی تا سەرەتای سەدەی دەیەم و بۆ ماوەی سێ سەدە لە سەردەمی دەسەڵاتداری مەغۆل و ئیلخانەکانی شێوازی ئەدەبی فارسی بوو. (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ١٩-٢٠)

## 2ـ1 تەوەری دووەم:

## 1ـ2ـ1 تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی

سەبکی عێراقی چەند تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی لە شێوازەکانی تری (خۆراسانی و هیندی) هەیە، کە ئەو تایبەتمەندییانە لەسەر بنەمای شێوازناسی لە ڕوانگەی سیروس شەمیساوە دەخەینە ڕوو. هەرچی شەمیسایە بە مەبەستی خوێندنەوە بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی، ئەوا دەقەکە بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

1. **لە ڕووی زمانەوە:** زمان لە سەبکی عێراقیدا تاڕادەیەک خۆی لە زمانی فارسی کۆن دووردەخاتەوە، کە تایبەتمەندیی سەبکی خۆراسانی بوو، ئەم شێوازە هەوڵ دەدات جۆرێک لە نوێبوونەوە لە زماندا دروست بکات. واتە ((زمانەکەی هەمان زمانی فارسی کۆنە، بەڵام تایبەتمەندیی زمانی نوێی وەرگرتووە)) (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ٢١). هەروەها لە ئەنجامی کۆچکردنی شاعیرانی خۆراسان بەرەو عێراق و تێکەڵ بوون بەم ژینگە نوێیەی عەرەبی زمان، یەکێک لەو گۆڕانکارییە زمانیانەی بەسەر سەبکی عێراقیدا هات بریتییە لە: ((کرانەوەی دەرگای زمانی شیعر و ئەدەب بەگشتی بە ڕووی وشە و زاراوەکانی زمانی عەرەبی و دروست بوونی زمانێکی تێکەڵ کە پێشتر هاوشێوەی نەبوو لە زمانی فارسیدا و گرنگترین سەرچاوەی دروست بوونی ئەم زمانەش هاتنەئارای ئەو تێکەڵییە ئایینی و کەلتورییەیە کە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بەرە بەرە لە ناوچەکەدا جێگیربوو)) (شمیسا، ١٣٧٥: ١٨٤). هەر لەبەر ئەمەشە لە شیعری سەبکی عێراقیدا وشە و زاراوەی زانستە ئیسلامییەکان دەبینین، وێڕای وشە و زاراوەی عەرەبی، بەهۆی هاتنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

مەغۆلەکان کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تورکیش هاتنە نێو زمانی فارسی و لەوێشەوە گواسترانەوە نێو ئەدەبیاتی سەبکی عێراقی، بەڵام بە بەراورد بە وشە و زاراوەی عەرەبی ڕێژەکە زۆر کەمترە (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٨١) و لەنێو بەرهەمەکانی شێوازی ناوبراودا دەبینرێ. هەروەها بە هاتە ناوەوەی وشە و زاراوەی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکان بۆ نێو سەبکی عێراقی هۆی هاتنەپێشەوەی بیری سۆفیگەری تەسەوف و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی سۆفیزم، تەنانەت سۆفیگەری لەلای (مەولانای ڕۆمی و حافز) دەگاتە لوتکە و لەم سۆنگەیەشەوە باڵادەستیی خۆیان دەسەلمێنن. (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ٢١)

سەرەرای نوێ بوونەوەی زمانی شیعری لە سەبکی عێراقی دا و کەم بوونەوەی ڕێژەی وشەی کۆن، زمانێکی ڕوون و بەرزە. جیاوازی زمانی سەبکی عێراقی لەگەڵ زمانی سەبکی خۆراسانی ئەوەیە کە زمانی سەبکی عێراقی نەرم و نیان بووە و دوورکەوتۆتەوە لە زمانی قارەمانی قەسیدە و خۆی لە زمانی نەرمی غەزەل نزیک کردۆتەوە و تەنانەت زمانی قەسیدەکانیشی کاریگەربووە بە نەرمی لە زمانی غەزەلدا. (شمیسا، ١٣٨٣: ٨٧)

2. **لە ڕووی هزرییەوە:** سەبکی عێراقی لەنێو خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هزرییە و یەکێک لە تایبەتمەندییە هزرییە هەرە گرنگەکانی سەبکی عێراقی ((ئاوێتەبوونی هزری عیرفانی و تەسەوفی بە دنیای شیعر و ئەدەب و بڵاوبوونەوە و ڕەنگدانەوەی هزر و کەلتوور و زاراوەکانی عیرفان و تەسەوف لەنێو شیعر و ئەدەبدا)) (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٨٤) یە، هەروەها سەردەمی مەغۆل لە ئێراندا سەروەخت و بازاڕگەرمی و باوبوونی سۆفیگەرییە، چونکە لەو سەروەختەدا ((زیادبوونی ژمارەی خانەقاکان و خانەقانشینی و سیستەمی خانەقایی لەنێو سۆفییەکاندا، لە دیاردەکانی ئەو سەردەمەیە. خەڵکی بەگشتی سەردانی خانەقاکان دەکەن و لە مەجلسی باس و پەندی سۆفییەکاندا ئامادەدەبن)) (راستگو، ١٣٨٣: ٥٥). ئەمەش لە ئەنجامی نەمانی توانای بەرگریی ئێرانییەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی دەرەوە بۆ سەر وڵاتەکەیان و هاتنەپێشەوەی ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییەی بەرامبەر خەڵکی دەکرا، بووە هۆی دروستبوونی جۆرە باوەڕێکی دینی وەکو باوەڕبوون بە قەزاوقەدەر و گلەیی کردن لەو دۆخەی هاتوتە ئاراوە لە ناخەوە توشی جۆرە غەمباری و گەڕانەوە بۆ نێو خود بوون و دوورکەوتنەوەی سروشتی لە کامەرانی و شادی و دنیای ڕازاوەی دەرەوە و ڕووکردنە خانەقاکان و لە ئەنجامدا بیری سۆفیگەری لەنێو کۆمەڵی ئێرانیدا چەکەرەی کرد (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ٢٤). ئەمەش نیشانەی مەیل و ئارەزووی خەڵکییە بۆ سۆفیگەری و ڕاستەوخۆش لەنێو ئەدەبدا ڕەنگیداوەتەوە و بەوەی کە ئەدەب هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگا و ناخی مرۆڤە. لێرەوە ڕوونە ئەدەبیاتی سەبکی عێراقی ئەدەبیاتێکی ڕوو لە ناوەوەی مرۆڤە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی بریتییە لە ((بەرچاوکەوتنی دیاردەی غەمباری لە زۆربەی شیعرەکانی شاعیرانی ئەم سەبکە، بەجۆرێک کە زۆرکات هەست دەکرێت دیوانی ئەم شاعیرانە لەڕاستیدا غەمنامەی خاوەنەکانیانە، ئەمەش دەکەوێتە خاڵی بەرامبەری سەبکی خۆراسانی کە شیعری شاعیرەکانی بە شادی دەناسرێنەوە و شادی یەکێکە لە سیما بەرچاوەکانی)) (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: 83). کەوایە دەکرێ بگوترێ لە سەبکی عێراقی غەم زاڵە و لە سەبکی خۆراسانیشدا شادی باڵی بەسەر قەسیدەکانیاندا کێشاوە. واتە لە خۆراسانیدا حیکایەت بەیەکگەیشتنە و لە عێراقیدا لێک دووربوونەوە.

هەرچی سەبکی خۆراسانییە شاعیران ڕوویان لە دنیای دەرەوەیە و ڕوویان لە سروشتی ڕاستەقینە و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

زیندووە، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا بە پێچەوانەوەیە و ڕوویان لە ناوەوەی خۆیانە و پشت لە واقعی سروشتی دەکەن، هەر ئەمەشە وای کردووە کە ((ڕەخنەگرانی ئەدەبی فارسی سەبکی خۆراسانی بە دەرەوەگەرا (دەرەوەسەنتەر) و سەبکی عێراقیش بە ناوەوەگەرا (ناوەوەسەنتەر) ناو ببەن، واتە شیعری شاعیرانی سەر بە سەبکی خۆراسانی شیعرێکی بابەتییە و شیعری شاعیرانی سەر بە سەبکی عێراقیش شیعری خودییە)) (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٨٥).

3. **لە ڕووی ئەدەبییەوە:** دیارترین تایبەتمەندیی ئەدەبیی سەبکی عێراقی گۆڕانی فۆڕم بەگشتی و قالبی شیعری بەتایبەتی دەگرێتەوە. باوترین قالبی شیعری فارسی پێش سەبکی عێراقی کە سەبکی خۆراسانییە بریتییە لە قەسیدە، بەڵام بە هاتنی سەبکی عێراقی غەزەل شوێنی قەسیدەی گرتەوە و دەبێتە قالبی زاڵ (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٨٤). لەمە بەدوا بەشی هەرە زۆری شیعری شاعیران لە غەزەل پێک دێت و ئەگەرچی لەپاڵ قالبی غەزەل فۆڕم و قالبی تریش بە شێوەیەکی کەمتر بەکاردێن.

لە ڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە لە سەبکی عێراقیدا بایەخدان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وەسفدا لە ئەوپەڕی بەرزیدا دەبینرێ و ((شاعیران سەرقاڵی هونەری جۆراوجۆردەبن کە لە شیعری سەبکی خۆراسانیدا بەو شێوەیە بەرچاو نەکەوتووە)) (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ٢٢).

یەکێکی تر لە تایبەتمەندی ئەدەبی سەبکی عێراقی ئەوەیە کە لە ڕووی سەرواوە (پاش سەروا)ی تێدا بەکارهاتووە پێشتر واتا لە سەبکی خۆراسانیدا بەمجۆرە نەبینراوە و زۆر بەکەمی پاش سەروا بەکارهاتووە، بەڵام لە سەبکی عێراقیدا پاش سەروا یەکێکە لە خاڵە جیاکەرەوەکانی سەبکی عێراقی لە شێوازەکانی تر.

تایبەتمەندییەکی تری جیاکەرەوەی سەبکی عێراقی لە شێوازەکانی تر بەکارهێنانی نازناوی شیعری (تخلص)ە، لە کۆتایی شیعر دایە بەتایبەتی لە غەزەل و قەسیدەدا (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٨٦)، چونکە لەپێش سەبکی عێراقی نازناوی شیعری نەچەسپابوو و بەکەمی ئاماژەی پێ دەکرا، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی سەبکی عێراقی نازناوی شیعری لە دوادێر یان پێش کۆتایی شیعر لە فۆڕمی غەزەلدا جێگیر کرا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## 2ـ بەشی دووەم: تاوتوێ کردنی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا

### 1ـ2 حەریق و پەیوەندی بە سەبکی عێراقییەوە

بەگشتی زمانی شیعری کۆنی کوردی لێکچوونێکی زۆری بە سیما زمانییەکانی سەبکی عێراقی هەیە. گومان لەوەدانییە هۆی ئاشنابوونی شاعیرانی کۆنی کورد بە ئەدەبیاتی فارسی و بەتایبەتی بەرهەمەکانی مەولانای ڕۆمی و سەعدی شیرازی و حافز و سەنایی و...هتد، و هەوڵدان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و چاولێکردنیان بۆتە هۆی ڕەنگدانەوەی شێوازی شیعری ڕۆژهەڵاتی و فارسی لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی کە زۆر بە ڕوونی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە نێو شیعری کۆنی کوردیدا دەبینرێت (جەلیل خەلیل، ٢٠١١: ٤). هەروەها ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا بە ڕوونی دیارە، کە دواتر بە نموونەی شیعری ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕوون دەبنەوە.

حەریق بەهۆی ئەوەی کە شارەزاییەکی باشی لە زمان و ئەدەبی فارسیدا هەبووە لە شیعرەکانیدا وشەگەلێکی فارسی ئاخنیوەتە شیعرەکانی و زیاتر کارتێکراوی ئەو شاعیرە فارسانەیە کە سەر بە سەبکی عێراقین.

### 2-2 تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا:

**1. لە ڕووی زمانییەوە:** تایبەتمەندیی زمانی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریق دا زۆرە و بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ. شیعری کۆنی کوردی بە هۆکاری (ئایینی، بازرگانی، شەڕ، داگیرکاری و بازرگانی ... هتد) بە شێوەیەکی گشتی وای کردووە زمانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، زمانێکی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی گەلانی دراوسێ بێت. شیعرەکانی حەریق وەک تایبەتمەندیی ئەم قۆناغەی شیعری کوردی، خاوەن زمانێکی تێکەڵ بە چەند زمانێکی دیکەی وەکو زمانی فارسی و عەرەبی و تورکییە.

زمان لە سەبکی عێراقیدا فارسییەکی تێکەڵ بە وشە و دەستەواژەی عەرەبییە. ئەم سیمایە لە هەموو شیعری شاعیرانی کورددا بە هەندێ جیاوازییەوە بەرچاو دەکەوێ. شیعرەکانی حەریقیش لەم تایبەتمەندییەی سەبکی عێراقی بەدەرنییە و جیا لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی عەرەبی، کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی فارسی لە شیعرەکانیدا دەبینرێ، هەروەک لەو دێرە شیعرەیدا دیارە:

**شکور وەسلم هەیە ئەمڕۆ لەگەڵ پەیکان و تیغی تۆ**

**کە کوشتەی تیری موژگانم، کە چاکی تیغی حیرمانم** (حەریق، ١٣٦٣: ١١٠)

شوکر: سوپاسکردن

وەسڵ: پێک گەیشتن

پەیکان: تیر

تیغ: شمشێر

موژگان: برژانگ

حیرمان: نائومێدی

واتە: سوپاس ئەمڕۆ پێت گەیشتنم لەگەڵ تۆدا هەیە، بەڵام ئەبرۆ و برژانگەکانت وەک تیر و شمشێر هێندە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

تیژە کە دەیهاوێی و دەم پێکێت و دەمکوژێ، ئەوەیە دەبێتە نائومێدی بۆ من.

زۆرجار ڕەخنەگر و لێکۆڵەران باسی سۆفی بوونی حەریق دەکەن، ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویستە و ((حەریق مریدی یوسف شەمس الدین –شێخی بورهان– بووە، فەلسەفەی سۆفییەتی لە گۆشەی چاوی ئەوەوە دەربڕیوە)) (سەجادی، ١٩٧٨: ٦٢) و لە زۆر شیعردا ئاماژەی بە وشە و زاراوەی سۆفیانە و حاڵ و مەقامەکانی کردووە. وەک دەڵێ:

**بۆ حزوری پیری کامل عاریفی دانایی راز**

**شەمسی ئەفلاکی هیدایەت نەجمی ڕێی هەر شەبڕەوێ** (حەریق، ١٣٦٣: 164)

یان دەڵێ:

**ئەوەی عاریف بو دەیزانی ئەمن چم دەگوت و لام باشە**

**دەڵێم زاهید بە داراچێ ئەمن وەک بەردی نابینم** (حەریق، ١٣٦٣: 136)

عاریف: کەسی خواناس و دانا

زاهید: کەسێ تەرکی دنیای کردبێ و خەریکی خواپەرستی بێت

حەریق لەم دێرە شیعرەدا ئەوە ئاشکرا دەکات، لایەنگیری عاریفە نەک زاهید، بۆیە لای وایە ئەوەی دەیکات کەسی عاریف لێی تێدەگات نەک زاهیدێک، کە ئاستی دانایی و شارەزاییەکانی لە کەسی عاریف کەمترە.

تەنانەت سەید نەجمەدینی ئەنیسی لە پێشەکی دیوانەکەیدا بۆچوونی خۆی لەسەر حەریق ئەوەیە، کە بە (گەوهەر ناس)ێکی کەم وێنەی نێو دەریای پان و فراوان و قووڵی (عیرفان و تەحقیق) ناودێری دەکات. هەروەها بە شاعیرێکی ڕێبواری ڕێگەی تولانی تەسەوف و بە سەوداسەری جیهانی مەعنەویات ناودێری دەکات، گوایە هەموو ئەمانە هۆکار بوونە تەنانەت بۆ (حەریق)بوونیشی، کە نازناو (تخلص)ی مەلا ساڵحی زێوەیە. بەمشێوەیە دەستی بە نووسینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی کردووە:

**گەوهەر ناسی کەم وێنەی دەریای عیرفان و تەحقیق**

**شاعیری ڕێبواری ڕێگەی تەسەوفی پیری شەفیق**

**سەوداسەری مەعنەویاتی یوسفی میسری تەریق**

**با ئاگری عیشق سوتاوە بۆیە نازناوی کردووە بە حەریق** (حەریق، ١٣٦٣: 1)

حەریق خوێندنی ئایینی لە مزگەوت و خانەقاکان تەواوکردووە و پاشانیش وەکو مەلا و وانەبێژی ئایینی لە مزگەوت و خانەقای شێخی بورهان وەکو مەلایەکی زانا و پایە بەرز سەرقاڵی خوێندن و فێرکردنی زانستی ئایینی بووە (حەریق، ١٣٦٣: ٢). ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە وشە و زاراوەی نێو زانستە ئیسلامییەکان بێنە نێو شیعرەکانی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا تایبەتمەندییەکی سەبکی عێراقییە. هەروەها حەریق لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە وشەگەلێکی وەکو (کەلام، زانا، سیفات، عەقیدە، فەنا، بەقا، ئەمەل، عەمەل، نەفس، ئەجەل، مەکان، زەمان، هات و نەهات...هتد) کردووە. بۆ نموونە دەڵێ:

**لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ**

**لە زیقەت خانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ**

**دەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بە کاروانی نەفس دەگرێ**

**شەقامی سینە دەبڕێ بۆ مەتاعی دیدە دەڕوانێ**

**تەریدەی نەفس و شەیتان قافڵەی تاعاتی غارەت کرد**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**ئەگەر جاسووسی ئیمانی نەبێ دەرناچێ ئینسانێ** (حەریق، ١٣٦٣: 127)

خەرمانی ئەمەل: دەتکەوتنی هیوا و ئارەزوو

عەمەل: کردار

جەزب: ڕاکێشان

زیقەت خانە: ماڵی تەنگ و ناخۆش

جەردە: ڕێگر

مەتاع: کەلوپەل

تەریدە: دزی ڕێگر

قافڵە: کاروان

تاعات: خواپەرستی

غارەت: تاڵان، فەرهود

واتە: لە بەدەستهێنانی هیوا و ئارەزووەکاندا، کە هیوا و ئاواتێکی زۆر و کرداری کەم، کە نەتوانرێ بە فریای ئەم هەمووە ئەمەلە بکەوێ کە کردارەکانی مێرووئاسا لەسەرخۆن، ترسی ئەوەم هەیە دەستخەڕۆبم و لە ماڵی تەنگ و تاریک (گۆڕ)دا سەری خۆی دانێ و ئەمەلەکانی بێ ئەنجام دەرچن و دەستیان پێڕا نەگات. چونکە دەڵێن ئەجەل ئەو ڕێگرەیە، کە هەر جارە ڕێ بە کاروانێکی نەفس دەگرێ و دەیکوژێ و ڕێگەی سینە تێدەپەڕێنێ و چاو لە کەلوپەلی بەرچاو دەگێڕێ بۆ بەدەستهێنانی. کەوایە تەرازووی خواپەرستیت لاسەنگە و هەتا کەی ئەمسەر و ئەوسەر دەکەی و تەرازووەکە هاوسەنگ ناکەی، و پارسەنگی حەیا و شەرم بگرە و دەست لە کاری خراپە بەردە، ئینجا سەیرێکی تەرازوو و تایە لاسەنگەکانی بکە.

وێرای ئەوەی شاعیر لە زۆر شوێندا وشە و زاراوەی عەرەبی و تێکهەڵکێشی ئایەت و فەرموودەی کردووە، خاوەن زمانێکی نەرم و مۆسیقییەکی ناسکە، کە لەگەڵ سەبکی عێراقیدا هاوئاهەنگە و ئەم نەرمییە جوانییەکی بێوێنەی بە دونیای شیعری حەریق بەخشیوە، وەک دەڵێ:

**حوزنی من با حوسنی تۆ ئیشکالە تا ئاخر نەفەس**

**چون زەکاتی حوسنی تۆ یا حوزنی من ناگا بەکەس**

**زاهیرەن فەرموتە وەختی مردنی حازر دەبم**

**وا لەخۆشی مردنم دەمرم، دەسا ئینسافە بەس**

**چۆن دەکەی مەنعی دڵی من تۆ لە شەهدی لێوی خۆت؟**

**لێوی تۆ وەک شەککەرستانە و دڵی من وەک مەگەس** (حەریق، ١٣٦٣: 128)

لەو نموونەیەی سەرەوەدا شاعیر بایەخێکی زۆری بە مۆسیقای ناوەوە بەخشیوە و ئاوازێکی ڕێکی بە شیعرەکە بەخشیوە.

سەبکی عێراقی لەگەڵ خۆیدا ((لەپاڵ وشە و زاراوەکانی زانستە ئیسلامییەکان، کۆمەڵێک لە وشە و زاراوەکانی زانستەکانی تر و بەتایبەتی زانستە سروشتییەکانیشی هێناوەتە نێو زمانی شیعرە)) (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٩٠). لەلای حەریقیش هەمان دیاردە هەیە، چەند وشەیەکی وەکو (ئیکسیر، مەعدەن، کبریت،... هتد) لە شیعرەکانی دا بەرچاو دەکەوێت، وەکو دەڵێ:

**شەرابی سوحبەتت ئیکسیری خاکی مەعدەنی ڕۆم**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**لە کارخانەی سەعادەت لوقمەیی لوقمانی هێناوە** (حەریق، ١٣٦٣: 149)

ئیکسیر: کانزایەکە مادە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر دەگۆڕێت.

یانیش دەڵێ:

**وەکو پەروانە بۆ شەمعی جەماڵی تۆ (حەریق) ئەم شەو**

**چرای تۆ شەوقی بە کبریتی تەبیعەت خۆش هەڵایساوە** (حەریق، ١٣٦٣: 149)

کبریت: مادەیەکی سوتێنەرە، لە دروستکردنی شقارتە و تەقەمەنیی جەنگیدا بەکاردەهێندرێت

هەریەک لە وشەکانی (ئیکسیر، مەعدەن، کبریت) وشە و زاراوەی زانستین، کە شاعیر ئاخنیوینیەتە نێو شیعرەکانی و وێنە و داهێنانی ڕەوانبێژی و مەبەستی واتایی پێ ئەنجامداون.

**2. لە ڕووی هزرییەوە:** وەک لە پێشتردا باسکرا، یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی سەبکی عێراقی بڵاوبوونەوەی عیرفانی و سۆفیگەرییە، بەجۆرێک کە شیعری سەبکی عێراقی سیمایەکی عیرفانی پێوەدیارە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە باس لە مەعشووقی مەجازی دەکرێت.

لای حەریق شیعر سەروکاری لەگەڵ ناوەرۆک دایە و ناوەڕۆکیشی بریتییە لە بیری عیرفانی و تەسەوف. هەروەها زۆرینەی لێکۆڵەرانیش لە لایەنی تەسەوفی شیعری حەریقیان کۆڵیوەتەوە و دانی پێدادەنێت و شیعری عیرفانی و سۆفیگەری زۆربەی دیوانەکەی داگیرکردووە. وەک دەڵێ:

**لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ**

**لە زیقەت خانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ**

**دەڵێن جەردەی ئەجەل ڕێگا بە کاروانی نەفس دەگرێ**

**شەمامی سینە دەبرێ بۆ مەتاعی دیدە دەڕوانێ**

**تەریدەی نەفس و شەیتان قافڵەی تاعاتی غارەت کرد**

**ئەگەر جاسوسی ئیمانی نەبێ دەرناچێ ئینسانێ** (حەریق، ١٣٦٣: 127)

ئەگەرچی عیرفان و تەسەوف یەکێکن لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی شیعری سەبکی عێراقی و لە شیعری عیرفانیشدا خودا وەکو مەعشوقێکی شیعری باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ئەو پلە بەرزییەی کە بە مەعشوق بەخشراوە لە شیعری ئەم سەبکەدا ناکرێت تەنیا بخرێتە پاڵ مەعشوقی باڵا، چونکە هەموو شیعری سەر بەم سەبکە عیرفانی نین و ئەم سیفەتە مەعشوقە زەمینییەکانیش دەگرێتەوە (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٩١). هەروەها حەریق لە دارشتنی شیعرەکانیدا بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان غەزەلی دڵداری و سۆفیانەی دا ڕایەڵێکی وردی هەیە کە دەتوانرێ بگوترێ عیشق و سۆفیگەری تێکەڵ یەکتری کردووە و بیری سۆفییەتی لە ناوەڕۆکی غەزەلی دڵدارییە و ئەویندا گونجاندووە (حەریق، ١٣٦٣: ٨١). وەک دەڵێ:

**چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نوواند**

**نەک نمەک گیر بم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەم دواند**

**گوڵ بە تۆزی پێتەوە لاف و گەزافی لێ ئەدا**

**واشوکر سۆزەی نەسیمت هات ئەویشی لێ ستاند** (حەریق، ١٣٦٣: 113)

گوڵشەن: شوێنێک گوڵ و گوڵزاری لێبێ

عیشوە: ناز کردنێکی بە شۆخ و شەنگییەوە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لاف و گەزاف: خۆ هەڵکێشان

نەسیم: شنە

واتە: چاوەکەم، ئەمڕۆ لە نێو گوڵ و گوڵزاردا، گوڵێکی زۆر جوانم بینی. خۆی ڕازاندبۆوە و بە عیشوە و نازەوە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا بەهۆی جوانی و نازەکەیەوە، بەڵام بۆئەوەی نمەکی تۆ نەمگرێ، سویَ،د بە مەرگت هیچ گرنگیم پێ نەدا و نەمدواند. ئەو گوڵە لافی بەوە لێدەدا، کە تۆزی بەر پێی تۆی لەسەر نیشتووەتەوە، بەڵام شوکر بۆ خوا شنەی بای تۆ هات و ئەو تۆزەی بەرپێی تۆشی لەسەر لابرد. کەواتە کە جاران لاف و خۆهەڵکێشانی بەوەوە لێدەدا، کە تۆزی بەر پێی تۆی لەسەر نیشتبووەوە، بەڵام ئێستا ئەوەشی نەما. ئەوەی جێی سەرنجە، حەریق جوانی و نازکردن و خۆ هەڵکێشانی گوڵی بە جوانی یارەوە بەستووەتەوە. بەو مانایەی ئەوە گوڵە جوانی لە یار وەردەگرێ و بە یار دەچوێندرێت، نەک بە پێچەوانەوە.

چیرۆکی عەشق لە شیعری سەبکی عێراقیدا هەمیشە باس لە دووری و دابڕانی نێوان عاشق و مەعشوق دەکات، واتە عاشق هەمیشە و بە هەموو شێوەیەک پەیوەستە بە مەعشوقەکەیەوە کە دوورە لێی، کەواتە خوێندنەوەی هەر غەزەلێک حیکایەتێک لە دابڕان و دووری لە مەعشوق (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٩٢)، حەریقیش لەو شاعیرانەیە کە دووری و دابڕانی لە مەعشوق لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و هەست بە دابڕان و پێکنەگەیشتنی بە مەعشوقی دەکرێت. وەک لە غەزەلێکدا دەڵێ:

**بەقوربان ئێستە هیجرانت دەناسم**

**کەناری فیرقەتت بۆتە لیباس**

**بەبێ دووکانی حوسنت مودەتێکە**

**لە بازاڕی ڕەواجا من کەساسم** (حەریق، ١٣٦٣: 141)

هیجران: دووری و دابڕان

فیرقەت: جیابوونەوە

لیباس: جل و بەرگ

حوسن: جوانی

ڕەواج: ڕمێن و برەوپێدان

کەساس: بێکەس

واتە: بەقوربان دوور لە دۆست و هاوڕێیان و خۆشەویستان تۆ دەناسم، دووریت چەندە کاریگەرە لەسەرم. هەر کاتێک لێت جیاببمەوە هەرچی پۆشیومە بەهۆی دوورییەکەتەوە وەک ئاگرە و هەست دەکەم لە نێو گڕی ئاگری دۆزەخی دووریتدام و بێ قەرارم. لەم ڕۆژگارەدا بەبێ خستنەڕووی جوانییەکەت، من لێتەوە دوورم، ئەگەرچی لە بازاڕی ڕەواجدا جوانییەکەت برەوی پێ دەدرێ و ڕمێنی لەسەرە، کەچی من بێکەسم، ئەم بێکەسییەشم بەهۆی دووری و دابڕانمە لە تۆوە.


وەکو دەبینین شیعرەکانی حەریق دڵداری و سۆفییەتی بە شێوەیەکی هارمۆنی تێکەڵی یەکتری بوونە و جوانییەکی سەرنجراکێشی لەنێو ئەم تێکەڵکردنە هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی شیعرەکانی حەریق نوسینەوەیەکی غەمنامەییە، دابران شیعرەکانی تەنیوە، ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقییە. هەروەها پەسنی عەشق و خۆشەویستی و زێدەڕۆیی لەو پەسنییە و بیری لیریکی و بایەخدان بە مەعشوق لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقین و باڵیان کێشاوە بەسەر شیعرەکانی حەریقدا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**3. لە ڕووی ئەدەبییەوە:** سەبکی عێراقی بەتەنیا لە ڕووی زمانی و هزری خاوەن تایبەتمەندی خۆی نییە، بەڵکو لە ڕووی سیما ئەدەبییەکانیشەوە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی کە لە شێوازەکانی تری جیادەکاتەوە ((فۆرم و ڕوخسار بەرچاوترین بەشی دەقی ئەدەبییە و لێرەوەیە زۆرجار کراوەتە پێوەر بۆ دیاریکردنی ژانری بەرهەمە ئەدەبییەکان، بە واتایەک بووەتە ناسنامە بۆ بەرهەمی ئەدەبی)) (جەبار ئەمین، ٢٠١٤: ٩٥). یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانی فۆرمی سەبکی عێراقی، گۆڕینی قالبی قەسیدە بۆ قالبی غەزەلە و غەزەلیان کردە قالبی باوی نێو دیوانەکانیان، لە غەزەلدا شاعیر خەریکی باسکردنی خەم و خەفەت و بابەتە هەستی و دڵدارییەکانیەتی.

حەریقیش لەپاش خۆی دیوانێکی بچووکی بۆ بەجێهێشتوین و بەشی هەرە زۆری دیوانەکەی بریتییە لە غەزەل، بەشێوەیەکی وردتر لە کۆی (71 شیعر) (45غەزەل)ی هەیە لەگەڵ (6 قەسیدە) و (8 چوارین) و (2 دوو خشتەکی) و (9 تاک بەیت)، لەگەڵ (1 شیعر بە زمانی فارسی) کە غەزەلە*. وەک لەم چارتەی خوارەوەدا ڕێژەی سەدی قالبە بەکارهاتووەکانی دیوانی حەریق خراوەتە ڕوو:




* بە بۆچوونی من (٤٥ غەزەل)ە و تەنها (٦ قەسیدە)یە، ئەگەر لە ڕووی ڕوخسارەوە پۆلبەندی بکەین و پەیڕەوی لە بۆچوونەکەی _دکتۆر مارف خەزنەدار) بکەین، کە لە کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا سەبارەت بە سنوری ڕێژەیی دێرە شیعرەکان پۆلبەندی لە نێوان قالبە شیعرییەکان دەکات. کە پێیوایە سنوری غەزەل لە ڕووی ڕوخسارەوە تاکو (١٨ دێر) درێژییەکەی بێت. تەنیا (٦ شیعر)یان بە قەسیدە ئەژمار دەکرێن و ئەوانیتر لە خوار (١٩ دێر)ن. وێڕای ئەمەش ناوەڕۆکی ئەو (پێنج شیعرەی بە غەزەلیان ئەژمار دەکەم، تەواو غەزەلن و ناوەڕۆکەکانیان باس و خواسی خۆشەویستی و دڵدارییە). بۆیە بەو ڕاستییە گەیشتوم، ئەو پێنج شیعرانەی لە دیوانی حەریقدا بە قەسیدە ئەژمار کراون غەزەلن و گوزارشت لە ناخی شاعیر بەرامبەر بە مەعشووق دەکەن. کەچی لێکۆڵەری دیوانی حەریق (سەید نەجمەدینی ئەنیسی) بە قەسیدە ئەژماری کردون. (لێکۆڵەر).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وەک لە وێنە چارتەکەوە ڕێژەی بەرزی غەزەل دیارە، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەگشتی شیعرەکانی حەریق لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زاتی و ویژدانین، لە دەوری عەشق و مەعشوق دەسوڕێنەوە ئەمەش تایبەتمەندی لیریک و دواجار تایبەتمەندی سەبکی عێراقین و وەک پێشتر باسکرا کە لە سەبکی عێراقیدا غەزەل باو دەبێت. حەریق لەم نموونەیەدا هەستە زاتییەکانی بەم شێوەیە بۆ مەعشوق دەردەبڕێت و دەڵێت:

**نەما ئاوی بەقا بادی فەنا خاکی بەباداوم**

**کە یارم ئاگری دووری لە پێستی جەستە بەردواوم**

**بەقوربانت بم ئەی ساقی بدە پێم ڕاحەتی ڕۆحم**

**بەبێ ئاوی حەیاتی تۆ جگەرسوتاو و برژاوم** (حەریق، ١٣٦٣: 109)

ئاوی بەقا: ئاوی نەمری

بادی فەنا: بای لەناوچوون

راحەت: حەسانەوە

ئاوی حەیات: ئاوی ژیان

واتە: نەما ئاوی حەیات و مانەوەی تا هەتایی و بای لە نێوچوون هات و خاکی بەرباد کرد و هەرچی هەبوو بە فیڕۆ ڕۆیشت. ئەویش ئەو کاتە بوو، کە یار لێم دوورکەوتەوە و ئاگری لە لاشەم بەردا، ئەمەش لەپای دوورییەوەیە. ئەی ساقی بەقوربانت بم دەی تا زووە جامێک مەی کە هۆکاری ئیسراحەتی گیانمە پێم بدە، چونکە تۆ بۆ من وەک ئاوی حەیات وایت و هەرکەسێک لە کانیی ئاوی ژیانی تۆ بخواتەوە نامرێت. هەر کاتێکیش تۆ لێم دوور بی جگەرم لەبەر دووریت دەسوتێ و دەبرژێ و لەنێو دەچم.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی سەبکی عێراقی ئەوەیە کە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە سنووری چەند هونەرێکدا نەمایەوە و شاعیران تا پێیان دەکرا بۆ سەلماندنی باڵادەستی و وەستاکاری توانای ئەدەبیی خۆیان سوودیان لە زۆرترین هونەری ڕەوانبێژی وەردەگرت و حەریقیش یەکێک لەو شاعیرانەی سەبکی عێراقییە کە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیدا لە ئاستێکی بەرزدا دەبینرێت، کە دەتوانرێت چەندین هونەری ڕەوانبێژی وەکو (لێکچواندن، ڕەگەزدۆزی، دژیەک، درکە، خواستن، دووبارەکردنەوە، جوانی بایس،... هتد) لە شیعرەکانیدا دیاری بکرێت، لێرەدا چەند نموونەیەک بۆ چەند هونەرێکی دەهێنینەوە:

**لالەش وەکو من سینەیی پڕ حەسرەت و داخە**

**تا دیویەتی ڕوخسارەیی گوڵ بۆیی موحەمەد** (حەریق، ١٣٦٣: 108)

لالە/ لێچوو

من/ لەوچوو

وەکو/ ئەوزار

حەسرەت و داخ/ ڕووی لێکچوون

**هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما**

**یا سەرسەری دووریتە کە لێی کردومە سەرما** (حەریق، ١٣٦٣: 112)

لەنێوان هەردوو وشەی (سەرما: سەری من) و (سەرما: سارد)دا جوانکاری وشەیی هەیە، ئەویش ڕەگەزدۆزییە، لە جۆری ڕەگەزدۆزی تەواو. هەروەها لە (هەوریی خەفەت)یشدا لێکچواندن هەیە. (هەور) لێچووە و (خەفەت)یش لەوچووە، هەرچی ئەوزار و ڕووی لێکچواندنەکەیە دەرنەکەوتووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

یان دەڵێ:

**لە ئەم عیدە بەعیدم من لە دیداری رەفیقانم**

**خودا ساتێ قەریبم کەی لەخوانی وەسڵی یارانم** (حەریق، ١٣٦٣: 110)

دژیەک لەنێوان وشەی (بەعید و قەریب) دا هەیە.

هونەری پاش سەروایە، یەکێکیترە لەو هونەرە شیعریانەی لەگەڵ هاتنی سەبکی عێراقیدا دەبێتە هونەرێکی باو و جێی گرنگی پێدانی شاعیران بووە و لە شێوازی پێشتر کە سەبکی خۆراسانییە هونەری پاش سەروا کەم بەکارهاتووە. پاش سەروا ((کەرەستەیەکی سەربەخۆیە جیایە لە سەروا، دوای تەواوبوونی سەروا دێت، چونکە شیعرەکە لە بارەی کێش و ماناوە پێویستی پێ هەیە. پاش سەروا بە هەمان مانا لە کۆتایی هەموو دێرەکاندا دووبارە دەبێتەوە)) (الرازی، ١٣٧٣: ٢٣٥).

پاش سەروا یەکێکە لەو ڕەگەزە شیعرییانەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب (فارس، کورد و تورک ...) و غەزەل و قەسیدەی عەرەبییان پێ موتوربە کردووە (گەردی، ١٩٩٩: ١٦٣). هەروەها (کدکنی) لای وایە ((پاش سەروا هەمیشە ڕەگەزێکی دیار و ئاشکرای شیعری فارسی بووە و لە ژێر کاریگەری شیعری فارسی کەوتووەتە ناو شیعری زمانانی تری وەکو عەرەبی و تورکی)) (گەردی، ١٩٩٩: ١٦٣). لە شیعری کۆنی کوردیشدا، بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٧ـ١٠١٠) لە کۆی (٢٩٤) چوارینە، کە تا ئێستا لەبەر دەستدان (١٨٣) چوارینەی پاش سەروای هەیە، کە دەکاتە (٦٢,٣%)ی کۆی چوارینەکانی، بۆ نموونە دەڵێ:

**مەگەر شێر و پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**

**بەمو دایم بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**

**ئەگەر دەستم رەسەد خونت بریجەم**

**بوینەم تا چ رەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ** (هەمەدانی، ٢٠٠٧: ١٥)

(ئەی دڵ ئەی دڵ) پاش سەروای چوارینەکەیە.

ئاوڕێکی لەم هونەرە داوەتەوە و بایەخی بە پاش سەروا بۆ جوانکردنی فۆرم و ئاوازی شیعرەکانی داوە ، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**بەشی ناسینی نامەردی لەکەس دا مەردی نابینم**

**لەلاییێکی کە ڕووگەرمی نەبێ دڵ سەردی نابینم**

**چ ڕووسپیەک بە ڕووسوری لە بۆتەی ئیمتحان دەرچوو**

**درۆناکەم بە وەجهی ڕاستی ڕووزەردی نابینم** (حەریق، ١٣٦٣: 136)

حەریق لەو شاعیرانەیە کە هونەری پاش سەروای زۆر بەکارهێناوە، لە کۆی (٧١) شیعر بۆ (11) شیعر هونەرەی هونەری پاش سەروای بەکارهێناوە، کە دەکاتە نزیکەی (١٥,٤٩% شیعرەکانی)، ئەم ڕێژەیەش زۆرە. ئەو وشانەی کە بۆ پاش سەروا بکاری هێناون بریتین لە: (موحەممەد، کوڕ، هاتەوە، تۆیە، نابینم، بێنە، کرد، عەزیزم، ... هتد). وەک لە شیعرێکدا دەڵێ:

**عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیلا کوڕ**

**هەم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەم یوسفی والا، کوڕ**

**ئەو نورە کە مەنشەء بوو، بۆ عاشقی مەبدەء بوو**

**تێفکرە لە ئەو نورە مەعلوم و هووەیدا، کوڕ** (حەریق: 150)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هەروەها جێگیرکردنی نازناوی شیعری (تەخەلوص) تایبەتمەندییەکی تری سەبکی عێراقییە و شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەی دایناوە، بە جۆرێ هیچ پارچە شیعرێکی حەریق نابینی کە نازناوی خۆی کە (حەریق)ـە لەکۆتایی شیعردا نەنووسیبێ، بۆ نموونە دەڵێ:

**بۆ کەسێ چاکە سەفینەی غەزەلی بەحری (حەریق)**

**گەوهەری ئەشکی هەموو ڕەشکی دڵی دەریا بێ** (حەریق، ١٣٦٣: 159)

دانانی نازناوی شیعری دیاردەیەکی گشتییە و لای شاعیرانی کۆنی کوردی و خۆرهەڵاتیدا هەیە و بووەتە یەکێک لە دیاردە باوەکانی شیعری کۆن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئەنجامەکان:

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە، بە چەند ئەنجامێکی سەرەکی گەیشتووین، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی عێراقی وەکو بەکارهێنانی زمانێکی تێکەڵ بە وشە و دەستەواژەی زمانی عەرەبی و فارسی، لەلای حەریق ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ غەزەلێک بە زمانی فارسی، هەروەها بەکارهێنانی وشە و زاراوەی سۆفیگەری و زانستە ئیسلامییەکان و وشەی زانستی تر نموونەیان زۆرە و ئەمەش پابەندبوونی حەریق بە سەبکی عێراقی دەسەلمێنێ.

٢. ئەدەبی سەر بە سەبکی عێراقی بەهۆی ئەو کوشتار و پاشاگەردانییەی مەغۆلەکان هۆکاری بوون، جۆرێک لە ئەدەبی غەمنامە و ڕووکردنە ناخی خۆ و زاتی لە پاڵ شیعری عاشقانە و تێکەڵکردنی بە دونیای عیرفانی و سۆفیگەری هێنایە ئاراوە، عیرفان و سۆفیگەرییش یەکێکن لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی سەبکی عێراقی، کە ئەم تایبەتمەندییەش بە ڕوونی لە شیعرەکانی حەریقدا ڕەنگیداوەتەوە.

٣. لە ڕووی فۆرمەوە قالبی قەسیدە کە قالبی سەبکی خۆراسانییە و گونجاوە بۆ ناوەڕۆکێکی پیاهەڵدان، ڕووەو لاوازی دەچێت و قالبی غەزەل کە دنیای دەربڕینی غەم و ناوەڕۆکی عەشق و زاتییە برەوی سەند و بووە بە ژانری زاڵ، لەپاڵ برەودان بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، وەک لە وێنەی چارتەکەدا بە ژمارە و ڕێژەی سەدی ڕوونکراوەتەوە، ڕێژەی بەرزی غەزەل کە (63%)ی شیعرەکانی حەریق پێک دەهێنێت و قالبی باوی نێو دیوانەکەی قالبی غەزەلە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە حەریق بایەخێکی زۆری بە قالبی غەزەل داوە و زۆربەی شیعرەکانی بەم قالبە شیعرییە نووسیوە.

٤. لە ڕووی هزرییەوە حەریق بە پێڕەوکەری سەبکی عێراقی دادەنرێ، چونکە بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی حەریق بە عیرفانی و سۆفیگەری دەناسرێنەوە.

٥. لە ڕووی ئەدەبیشەوە شیعرەکانی حەریق سەر بە سەبکی عێراقین بە پێڕەوکردنی قالبی غەزەل و بیری لیریکی، هەروەها بایەخێکی زۆری بە پاش سەروا داوە و خۆخەریککردن بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی نازناو (تەخەلوص) لە کۆتایی شیعرەکانی، تایبەتمەندییەکی تری سەبکی عێراقییە، کە لە شیعرەکانی حەریقدا ئەم تایبەتماندییانە بە شێوەیەکی فراوان و زاڵ بەرچاو دەکەون.

٦. هەر سێ تایبەتمەندییەکەی سەبکی عێراقی لە ڕووی (زمانی، هزری و ئەدەبی)یەوە لە شیعرەکانی حەریقدا ڕنگیداوەتەوە، وەک لە نموونە شیعرییەکاندا ڕوونکراوەتەوە، دەکرێ حەریق بە پەیڕەوکەرێکی سەبکی عێراقی ئەژماربکرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## سەرچاوەکان:

### 1/ کتێب

**ألف/ زمانی کوردی**


- حەریق، مەلا صاڵحی زێوەیی (١٣٦٣) دیوان. لێکدانەوەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی، مەهاباد،محمد سقزی.
- علی سابیر، پەخشان (٢٠٠٩). *شێوازی شیعری گۆران*. سلێمانی، ڕەنج.
- عومەر کاکی، حمە نووری (٢٠٠٨). *شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*. سلێمانی، تیشک.
- عەبدوڵا، ئیدریس (٢٠١٢). *شێواز*. هەولێر، منارە.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٩). *رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*، بەرگی سێیەم. سلێمانی، کاکەی فەلاح.
- گەردی، عەزیز (١٩٩٩). *سەروا*. هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- موکریانی، هەژار (١٣٢٩). *فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە*، بەرگی دووەم. تاران.
- ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٣). *فەرهەنگی ئۆکسفۆرد*. هەولێر، منارە، چاپ: دووەم.
- هەمەدانی، باباتاهیر (٢٠٠٧). *گەنجینە، بەشێک لە چوارینەکانی باباتایەری هەمەدانی*. وەرگێڕانی دڵزار، هەولێر، ئاراس.


**ب/ زمانی عەرەبی**


- الجرجاني، عبدالقاهر (١٩٧٨). بیروت


**ج/ زمانی فارسی**


- الرازی، شمس الدین محمد بن قیس(١٢٧٣). *المعجم فی معییر اشعار المعجم*. به کوشش دکتر سیروس شمیسا. تهران، فردوس.
- راستگو، سید محمد (١٣٨٣). *عرفان در غزل فارسی*. تهران، علمی و فرهنگی.
- شمیسا، سیروس (١٣٨٣). *سبک شناسی شعر*. تهران، میترا.
- ------------ (١٣٧٥). *کلیات سبک شناسی*. تهران، فردوس، چاپ چهارم.


### 2/ گۆڤار

**زمانی کوردی**


- جەبار ئەمین، سیروان (٢٠١٤). *رەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیرەکانی مەحویدا*. ئەکادیمیای کوردی، ژمارە: ٣٠. هەولێر، حاجی هاشم.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨). *سۆفییەتی لە هۆنراوەی کوردیدا*. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگ: شەشەم.
- شێخ صالح، شێخ نوری (١٩٢٦). *ادبیات کوردی، اسلوب* چیە. ژیان، ژمارە: چوار.


### 3/ نامەی ئەکادیمی


- جەلیل خەلیل، زەینەب (٢٠١١). *رەنگدانەوەی سەبکی عێراقی و هیندی لە شیعرەکانی نالی دا*. زانکۆی سەڵاحەدین.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## Abstract:

The title of the research is (The reflection of Iraqi Style on Hariqs poems) In Persian language the word (Sabk) stands for the word (Style) in English and (Shewaz) in Kurdish. Persian Literature stylistically is divided into (Khorasani Style, Iraqi style and Hindi style). style is the lingual, ideological and literary characteristics that is common in a certain period, and poets follow it. As Persian literature has had strong influence on Old Kurdish Literature, so in this research it has been tried to explain the lingual, ideological and literary characteristics that (Sirus Shamisa) has invented it of Iraqi style on Hariq.

The content of the research consists of two parts, the first aspect is about (concept of style, definition of style and the reasons of coming out Iraqi style, the second aspect is about (The characteristics of Iraqi style in terms of (lingual, ideological and literary).

The second part is about practicing Hariqs poems and determining the characteristics of Iraqi style with poetical examples.